ناسیونالیزمی کورد له بەردەم هەرەسیکی تردا.

ریبوار ئەحمەد

له جەرگەی ئەو قەیرانه قوڵەی به هۆی نەخشەو سیاسەتی شەڕخوازانەی ئەمریکاوه باڵی بەسەر عێراق‌و ناوچەکەدا کێشاوه، ناسیونالیزمی کورد یەکێك له سەختترین دەورانەکانی بێئاسۆیی‌و سەرگەردانی سیاسی خۆی بەسەر دەبات. بەدەر له ناوەرۆکی کۆنەپەرستانەی بۆرژوازی‌و عەشیرەتی ئەم بزووتنەوەیەو حیزبەکانی، دەردێکی زگماکیان ئەوەیه که نه خاوەن ستراتیژو سیاسەت‌و نەخشەی ڕۆشن‌و سەربەخۆیانن، نه پشتبەستن به هێزی خۆو حساب کردن لەسەر دەورو ئیرادەی جەماوەری خەلك له مەزهەبی ئەواندا هیچ جێگایەکی هەیه. هەمیشه چاویان لەوه بڕیوه که له قڵشت‌و ناکۆکیه ناوچەییەکانی نێوان دەوڵەتاندا به خۆگرێدانەوه بەیەکێك لەو دەوڵەتانەوه بتوانن بوارێك بۆ ژیانی سیاسی خۆیان پەیدا بکەن. بەڵام هەموو جارێك دوای یەکلابونەوەی ئەو ناکۆکیه ناوچەییانه، چارەنوسی ئەحزابی ناسیونالیستی کورد کراوه به بابەتی سات‌و سەودای نێوانیان‌و تەنها ڕێگای چۆکدادان‌و تەسلیم بونیان لەبەردەم هێشتونەتەوه. ئەمه بنەماو هۆیەکی سەرەکی هەرەسه یەك له دواییەکانی ئەم حیزبانه بووه له مێژوودا. هیچ کاتیش دەرسێکیان له ناکامی‌و شکستەکانی خۆیان وەرنەگرتوه، بۆیه سیناریۆی هەرەسیان بەردەوام دووپات بوەتەوه. بەڵام هیچ کات مەسەلەکه تەنها به هەرەسی خۆیان تەواو نەبووه، بەڵکو هەمیشه ئاکامەکانیان بەسەر خەڵکدا شکاوەتەوەو کۆمەڵگای کوردستان‌و خەڵکەکەیان دوچاری کارەسات‌و هەرەسی گەوره کردوەتەوه.

ئاوردانەوەیەکی کورت تەنها له ٣-٤ دەیەی ڕابردووی کوردستانی عیراق، به زەقی ئەم ڕاستیه دەخاته بەرچاو. تا ساڵی ١٩٧٥ بزووتنەوەی ناسیونالیستی کورد، له قڵشت‌و ناکۆکی نێوان ڕژیمی شاو ڕژێمی بەعسدا دەژیاو پشتی دابوو به ڕژێمی شاوه. ڕێکەوتنی ئەو دوو دەوڵەته، ئەم بزوتنەوەیەی دوچاری هەرەسێکی گەوره کردەوه، وەکو خۆیان پێ‌ی دەڵین "ئاشبەتاڵی کرد"و لەگەل خۆیدا کارەساتێکی گەوەری بەسەر خەڵکدا هێنا. له دەیەی هەشتاکاندا دوای بێسەمەر مانەوەی چەند دەوره له گفتوگۆو سات‌و سەودا لەگەل ڕژێمی بەعس، جارێکی تر ئەم بزووتنەوەیه شەری نێوان دوو دەوڵەتی عیراق‌و ئیرانی کرد به فرسەتێك بۆ ڕاگرتنی خۆی، ئەمجاره پشتیدا به ڕژێمی جمهوری ئیسلامیەوه. دوای یەکلابوونەوەی ئەم شەره له ١٩٨٨دا دیسانەوه حیزبه ناسیونالیسته کوردەکان هەرەسیان هێناو خەلکی کوردستانیش کەوتەبەردەم کیمیاباران‌و ئەنفال‌و کوشتاری به کۆمەڵی ڕژێمی بەعس. له سەرەتای نەوەتەکاندا شەری خەلیج‌و گەردەلولی بیایان که ناوچەکەی له خوێن هەڵکێشا، له ڕوانگەی ئەم حیزبانەوه وەکو فرسەتێکی زێرین چاوی لێکراو به خێرایی ستراتیژی خۆیان شەتەکدا به نەخشەو شەرو سیاسەته دژی ئینسانیەکانی ئەمریکاوه. بەڵام دوای یەکلابونەوەی ئەم شەرەو گەیشتن به ڕێککەوتنامەو ڕاوەستانی شەر، دیسان ئەم حیزبه ناسیونالیستانه که بۆ یەکەمجار نزیك به هەموو ناوچه کوردنشینەکانیان کەوتبوه دەست، لەگەل یەکەمین بەخۆکەوتنەوەو هێرشی ڕژێمی بەعسدا، هەرەسێکی گەورەیان بەسەر هات‌و لەگەل خۆیاندا خەلکی کوردستانیان دوچاری یەکێك له گەورەترین کارەساتەکانی مێژوو و ئاوارەیەکی ملیونی کردەوه که به هەزاران منداڵ‌و لاوو پیری کرد به قوربانی‌و دیمەنه تاڵ‌و پر ناسۆرەکانی هێشتا ئازاری دڵی ملیونەها کەس دەدەن. له ساڵی ١٩٩١ەوه دەورەیەکی تر له کێشمەکێشی نێوان ڕژێمی بەعس‌و ئەمریکا دەستی پێ‌کرد، لەم ١٢ ساڵەی ڕابردووشدا ژیان‌و مانەوەی خۆیان لەسەر بناغەی ئەم کێشمەکێشەو پاڵدانەوه به نەخشەو سیاسەته دژی ئینسانیەکانی ئەمریکاو یاریکردن له قڵشتی نێوان دەوڵەتانی ناوچەکەدا ڕاگرتووه.

به درێژایی ئەم ١٢ ساڵه کۆمۆنیزمی کرێکاری بەردەوام ئەو ڕاستیەی دووپات کردوەتەوه که ڕاگرتنی کوردستان له سەرگەردانی‌و چاوەڕوانی چارەنوسی نادیارداو دانیشتن به دیار پەرلەمان‌و ئیدارەی فۆرماڵی کوردیەوه، ئایندەیەکی نابێت. ووتمان ئەم سەرگەردانیه کۆمەلگاو ژیانی خەلك بەرەو دواوه دەبات‌و سەرئەنجامیش ڕووبەرووی چارەنوسێکی نەخوازراوی دەکاتەوه. ووتمان هاودەستی لەگەل ئەمریکاودڵخۆش کردن‌و خۆگرێدانەوه به ناوچەی ئارام‌و دژه فرین ڕیگا چاره نیه، ئەم هەل‌ومەرجه کاتی‌و گوزارەو له جێگایەك کۆتایی دێت، بۆیه ده بێ کەلك لەو فرسەته وەربگیرێ که ڕژێمی بەعس دەسەڵاتی بەسەر کوردستاندا نەماوه بۆ یەکلاکردنەوەی چارەنوسی کۆمەلگاو کۆتایی هێنانی یەکجاری به کێشەی کوردو ستەمی میللی‌و برینی دەستی ئەم

www.kurdistannet.org
9-3-2003 22:01

رژێمە سەرکوتگەرە لەسەر ژیانی خەلك. ووتمان دەبێ ریفراندۆمێکی گشتیو ئازادانەی خەلك بەرپابکرێتو ریگاچارەی گونجاوو کارساز جیابونەوەو پێکهێنانی دەولەتێکی سەربەخۆیە. بەلام ئەحزابی ناسیونالیست کە تۆزقالێك چارەنوسی کۆمەلگاو چارەسەری کێشەکانی خەلکیان بۆ مەسەلە نەبوو، لە کاتێکدا کە بەدیار ئیدارەی فۆرمالو کورسی دەسەلاتی میلیشیایی خۆیانەوە سەرمەست بوونو بستێك دورتریان نەئەبینی، نەك هەر گوێیان بۆ ئەم قسانە رانەگرت، بەلکو بە توندی دژی ئێمە وەستانەوەو گفتیاندا بە هەموو دەولەتانی سەرکوتگەری ناوچەکە کە هەر هەولو کۆششێکی رادیکالو پەیگرانە لە پێناو خواستە رەواو ئازادیخوازانەکانی خەلکدا سەرکوت دەکەن، هەر ئەم کارەشیان کرد.

ئیستاش وا خەریکن لە ئاکامی ئەو رەوەندەی ١٢ سالە خزمەتو هاوپەیمانێتی لەگەل دەکەن، بە کۆتایی سیناریۆی ئەمجارەشیان دەگەنو لوتیان دەدەات بە دیواری هەرەسێکی تردا. ئەم جارە ناسیونالیزمی کورد هەموو ئومێدی خۆی گرێداوەتەوە بە سیاسەتی شەرخوازانەی ئەمریکاوە لە دژی عیراق، کە لە هەر چوارگۆشەی دنیاوە کەوتوەتە بەر نەفرەتو نارەزایەتی خەلکی ئازادیخوازو موتەمەدنی جیهان. بەلام بەخێرایی بەدەرکەوت کە ئەم سیناریۆیە لە بەرامبەر خۆشخزمەتیەکدا کە ئەم حیزبانە پێشکەش بە ئەمریکای دەکەن، لە دوو توێی خۆیدا نەخشەی بە شکست کێشانی "ئەزمونی" کوردایەتیو چەك کردنی ئەحزابی ناسیونالیستی هەلگرتووە. رێککەوتنامەی نێوان ئەمریکاو تورکیا لەسەر داگیرکردنی کوردستان لەلایەن سوپای تورکیاو چەك کردنی ئەم حیزبانە، هیچ پەردەیەکی بەسەر ئەم مەسەلەیەوە نەهێشتەوە. ئەمەش ئەوانی دوچاری نائومێدیو سەرلێشواویەکی گەورە کردوە.

وەکو هەمیشە لە بەرامبەر ئەم مەترسی هەرەسەدا، مایەپوچترینو زەبونانەترین هەلوێستیان نواندوەو دەیانەوێ بە پارانەوەو سوێندخواردن لەسەر دلسۆزی خۆیان بۆ دەولەتی تورکیاو مەرامەکانی، هەروەها بە داتاشینی مێژوویەکی ساختەو پوچو ریاکارانە لە دۆستایەتیو هاوپەیمانێتی دەولەتی فاشیستی تورکیا لەگەل خەلکی کوردستان، لەم بۆسەیە خۆیان دەرباز بکەن. تەنانەت سکرتێری یەکێتی نیشتمانی هەرەشەی سزادانی خەلکی کرد لەسەر نارەزایەتی دەربرینو سوتاندنی ئالای تورکیا. بەلام ئەم چارەنوسە ئاکامی مەنتقی سیاسەتی چەوتو بێئاسۆیی چەندین سالەی خۆیانە، پەلەقاژەو پارانەوە نەك هەر بێ هودەیە، بەلکو هەرەسو ناکامیان مسۆگەر دەکات.

ئەمجارە لە کاتێکدا بزووتنەوەی کوردایەتی لە لێواری هەرەسدایە، کە خەلکی کوردستان ١٢ سالە دەسەلاتی ئەوان لە مەحەك دەدات، دەسەلاتێك کە بووە پشتو پەنای داب‌ونەرێتە عەشایەریو پیاوسالاریو خێلەکیو ئیسلامیەکان، قانونەکانی بەعسی پاراست، قەتلگای بۆ ژنان هەلخست، دەستی تیرۆریزمو کۆنەپەرستی ئیسلامی گرت، ئازادیو کۆمۆنیزمو کرێکارو خەلکی سەرکوت کرد، داهاتی وولاتو پاروی دەمی خەلکی بە تالان بردو کردی بە پارەی بلۆك کراوی سەرانو بەرپرسانیان لە بانکەکانی جیهاندا. . هتد. هەروەها ئەمجارە لە کاتێکدا ئەم بزوتنەوەیەو حزبەکانی ملی رێگای شکستیان گرتوتەبەر کە ئەوان تاقە هێز نین لە ساحەکەداو بە شکستی ئەوانیش وەکو جارانی پێشوو مەیدان چۆل نابێت. هەرچەندە ئەوان بە خۆگرێدانەوەو پەلکێش کردنی سوپاو باندە جۆراوجۆرەکانی دەولەتانی سەرکوتگەری ناوچەکەو جیهان ئەم کۆمەلگایەیان دوچاری دۆخێکی سەخت کردوەتەوە، بەلام جیاوازیەکی گرنگی ئەمجارە ئامادەبوونی بەدیلی کۆمۆنیستیو حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریە لە ساحەی سیاسی ئەم کۆمەلگایەدا، کە چەندین سالە لە رەوتی خەباتێکی کۆمۆنیستیو ئازادیخوازانەدا ریگاو ئاسۆیەکی جیاوازی خستۆتەبەردەم کۆمەلگاو دەتوانێ رابەریی خەباتی جەماوەری ئازادیخواز بکات بەرەو چارەنوسو ئایندەیەکی باشتر. ئێستا ئەم کۆمەلگایە لە دۆخێکی زۆر حەساسدا قەراری گرتووە. یان دەبێ ناسیونالیزمو حیزبەکانی تێپەرێنێو چارەنوسی خۆی لە چارەنوسی شکستو هەرەسی ناسیونالیزمی کورد جیابکاتەوە یان دەبێ چاوەرێی هەرەسێکی تر بکات.

هەرەس تەنها چارەنوس نیە، حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری وەکو حیزبێکی پراوپر ئازادیخواز، یەکسانیخواز، کە خاوەن مێژوویەکی خەباتکارانەیە لە پێناو ئازادیو ئینسانیەتو مافە ئینسانیەکانی تویژو بەشە جیاجیاکانی خەلك. وەکو حیزبێکی موعتەبرو خۆشەویستو مودیرنو پەیگیر، لە مەیداندا ئامادەیەو زامنی رابەرایەتی ئەم کۆمەلگایە دەکات بۆ دەرهێنانی لەم گێراژەوەو بردنی بەرەو ئایندەیەکی رووناكو درەخشان. جەماوەری خەلك دەبێ حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری هەلبژێرنو لە دەوری بەرنامەی رزگاری بەخشی ئەم حیزبەو بەدیلی سۆسیالیستی کۆببنەوە، دەبێ سیاسەتەکانی ئەم حیزبە بە دەستەوە بگرن

بۆ وەستانەوە دژی شەری ملهورانەی ئەمریکا، دژی کردنی کوردستان بە بەرەی ئەم شەرە، دژی هەرجۆرە دەخالەتو هاتنە ناوەوەیەکی سوپای فاشیستی تورکیا، دژی خۆگرێدانەوەی ئەحزابی ناسیونالیست لەگەل سیاسەتی شەرخوازانەی ئەمریکا، هەروەها پێداگرتن لەسەر خواستی جیابونەوەی کوردستانو پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ.

/ ٩ی مارسی ٢٠٠٣

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە. ٧-٣-٢٠٠٣

www.kurdistannet.org کوردستان نێت